# زەمەنی عەتربازە قوربان



**دەوەن**

چەند سەیرە ئەم زەمەنە قاتوو قڕە
هەر دەڵێی گومانەکانی شەیتانە
لەناو سێوێکی بۆگەندا،
هەموو سێوەکانی دونیا
لەژێر پرسیارەکانی ئێمەدا کرمیان
هەڵهێناوە
پێدەچی ئەم کرمانە
لە باخچەکانی بەهەشتەوە هاتبێتن و
خۆیان لەناو ڕۆحی فریشتەکانا
حەشار دابێت بۆ کوشتنی
نۆتەی ژیانی ئێمە
ئێمە بە (ئەسپێ)کانمانەوە گەورەین
بە کراسی کۆنەوە سەردانی گوڵەکان
دەکەین
بە گۆرانییە دڕاوەکانەوە هەر سروود دەچڕین
ئێمە فێرنابین گۆرانی بۆ پەپولەکان بڵێین
فێرنابین نەورەسمان خۆشبووێت
فێرنابین لەگەڵ شالوورەکانا سەما بکەین
ئێمە کێین؟
ئێمە شانۆکارێکی تەمەڵین لە نمایشی ژیانا
وێنەیەکی بێ ڕەنگین لە تابلۆکانا
ئاوازێکی ناشازین لە ئۆپێراکانا
هەموو دەمێ هەر دەڵێین ئێمەو
وەلێ هەر بچوک دەبینەوە
وەکو (پەیکەری شەو)* نوستووین و
خەبەرمان نابێتەوە
بە دەم پێکی شەرابەوە جوانییەکانی
ژیان دەکوژین

باوەش دەکەین بە تفەنگە شکاوەکانداو
ماچیان دەکەین
بۆنی شوشە بەتاڵەکان دەکەین و
خوێن دەڕێژین
زەمەنی عەتربازە هاوڕێ
زەمەنی کرمەکانی بەهەشتە
ساتی سوتانی هەناسەکانی (با)یە
لە پیاسەی دڵپەرستانا
چەند سەختە ژیان لەگەڵ کرم و ئەسپێدا
کاتێ ئێمە دەمانەوێت گۆرانی بچڕین
سەما بکەین
عەتربازەکان* هەر خەریکی
کاڕنەڤاڵی خوێن و کوێرکردنی چاوەکانن
ئێمە چیین بۆ بێ دەنگی ئەی فریشتە
دەست و پەنجە سورەکان؟
ئەی فریشتە کەوا سەوزەکان ئەی فریشتە ئەسپێوونەکان؟
ئێمە دڵداری ئێوەین یان گاردی ئەسپێکان؟
ئێمە هەموومان لە مردن هەڵدێین و ماڵەکان پاکدەکەینەوە
شەقامەکان دەڕازێنینەوە خۆمان بۆ ئاهەنگەکان دەگۆڕین و
بۆنی عەتر لە خۆمان دەدەین
بە بەرگی قەشەنگەوە پیاسەی ئێوارانی شار دەکەین
سواری ماشێنەکان دەبین و چاو لە کیژە جوانەکان دەکەین و
گۆرانیی عەشق دەڵێینەوە
تەنیا بۆ ئەوەی مردنمان بیرنەکەوێتەوە
ئێمە چەند ترسنۆکین هەر بۆ ئەوەی بژین
قەڵەمەکان توڕ دەدەین و باوەش دەکەین
بە عەتربازەکانداو پاپوچەکانیان پاکدەکەینەوە
گەر لێشمان توڕە بوون ملمان کەچدەکەین و
لەبەر پێی (بۆن)ێکا بە چۆکا دێین
هەر بۆ ئەوەی مردنمان بیرنەکەویتەوە
چەند گوناهین ئاگر لە شیعر بەر دەدەین و
ماڵی عەتربازەکان ئاوا دەکەینەوە
تاعوون بەردەدەینە هۆڵەکانی سیاسەت و
بە دەست و پەنجەی بارووتەوە مێژووی
هەزاران ساڵ دەخنکێنین..
زەمەنی عەتربازە گوڵێ
ئەم بۆنی عەترە تێکەڵ بە جەستەی
هەلا هەلای نیشتمان بووەو دەمانباتەوە
سەر ڕێگا خوارەکانی نا ئومێدی
تورمان دەداتە نێو یەکەمین شووشەی شکاو
کە پێش لەدایکبوونمان مێژوویەکی نابینا

هەموو بۆنە سرووشتییەکانی ئێمەی دزی و
شووشەکەی ورد و خاش کرد
لەو ساتەوە نیشتمان بۆنی کروزی لێدێ و
وردە شووشەی ئەو دەستەییە لەژێر پێی منالّیمانا
خوێنی لێ دەچۆڕێ
ئیدی لەو کاتەوە ئێمە ئاوێنەیەکی شکاوین و
نەوەیەکی بێ بۆنین
مۆراڵێکی ئەسپێونی کراس کۆنین
ئێمە چیمان نەکرد
مێژوومان خستە ناو سنووقە بەتاڵەکانی
خۆکوشتنەوەو لێمان نووسی
کوردستان یا نەمان
چەقۆکانمان بە ژەنگی دەسەڵاتەوە
لەناو سنگ و مەمکدانی کیژۆڵە بێتاوانەکانا
دەمەزەرد کردەوەو شێرانە خۆمان کردە پاڵەوانەکانی
جەنگ و خەنجەرەکانمان گەڕانەوە کالانەکانی شەرمەزارییەوە
ئێمە چیمان نەکرد؟
ڕۆحی (مەولانە)مان تۆران.. بۆنە خۆشەکانی شەوی موناجاتمان
لەسەر ڕێگای غەدر ڕووتکردەوە
دەفی شەوی زیکرمان تەقان
پڵپڵەی دەست و پەنجەی خوێناویمان
لە ڕاواز جێهێشت و قەقنەسمان کردە عاتیفەوە
بنواڕە گوڵێ لێرەوە مردن دەبێتە جوانترین یاداشتەکانی ئێمە
مردن وایکرد (گۆران) لە بەرزیدا بژی
ژیان وایکرد (مەحوی) لە هەستەکانا بژی
شیعر وایکرد (مەولەوی) لە پاکیدا بژی
قەڵەم وایکرد (ژن) لە جوانیدا بژی.

*ئەو پەیکەرەیە کە (مایکل ئەنجیلۆ) لە شاری (فلۆرەنسا) دروستی کرد، کە کچێکە نوستووە.
*عەترباز مەبەستم ئەو سیاسەتبازانەیە، کە نیشتمانیان خوێنڕێژکرد بە خیانەت.